


# سمینارێک لە تەلاری پارلەمانی نەرویژ

رۆژی هەینی ، ڕێکەوتی 14.12.2007، خاتوو ( ئۆگۆت ڤاڵە ) ئەندامی نەروێژ، بەیاوەری ڕاوێژکاری دەستەی پارلەمانی پارتی چەپی سۆسیالیست s v خاتوو ( گرۆ لیندستاد ) ، لەگەڵ کەمپینی بەجیهانیکردنی جینۆسایدی دژ بەگەلی کوردستن ،کەپێکهاتبوو لە ( ئیدریس سابیر ) و ( ئاری ناکام ) کۆبونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا .
سەرەتا وەفدەکە پشتیوانیکردنی پارتی چەپی سۆسیالیستی نەروێژیان بۆ کەمپینەکە بەرزنرخاند و لە دووایيدا کورتە راپۆرتی دوا کاروچالاکییەکان و هەروەها ناوی سەرجەم ئەو پارت و ڕێکخراو ئەندام پارلەمانانەیان پێشکەش کرد کە تائێستا شالاوی ئەنفال وکیمیا بارانی هەڵەبجەیان بەفەرمی وەک تاوانی جینۆساتد ناساندووە . لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کە نزیکەی کاژێرێکی خایاند، پارلەمانتار خاتوو ( ئۆگۆت ڤاڵە ) بەناوی دەستەی پارلەمانی پارتەکەیان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ ڕیکخستنی سیمینارێک دەربارەی کۆمەڵکوژی دژ بەکورد لە شالاوی ئەنفال وکیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە ناو پارلەمانی نەروێژ لە ڕێکەوتی 2008.3.13 دا، کە هاوکات دەبێت لەگەڵ یادی 20 ساڵەی قوربانیانی ئەوتاوانە . بۆ ئەم مەبەستە چەند پسپۆرێکی کورد بۆ پێشکەشکردنی سمینارەکە و هەروەها نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم پارت و ڕیکخراوە نەروێژییەکان و زۆر لایەنی دیکەی جیهانیش بانگهێشتی ئەم سمینارە دەکرین .
شایەنی باسە لە داهاتوودا زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆگرامی سمینارەکە بڵاودەکەینەوە

هەندێک زانیاری پێویست دەربارەی کەمپین :
لەم ڕێکخراوانەی خوارەوە پێک دێت :
گروپی کوردی لە ریککخراوی دژ بە ڕەگەزپەرستی لە نەروێژ
ڕێکخراوی ماڵی ڕوناکبیری سەلام لە نەروێژو کوردستان
کۆمەڵەی کوردی سوریا لە نەروێژ
لە هۆڵاند Anfal and halabja foundation in Holland
ڕیکخراوی ژیانی نوی بۆ ژنانی دوای ئەنفال لە کوردستان
ڕێکخراوی قوربانیانی هەڵەبجە لە کوردستان
ڕێکخراوی پەراوێزکەوتووەکان لە کوردستان
سەنتەری توێژینەوەی ئەنفال لە کوردستان
کۆمەڵەی ئاشتی کوردستان لە نەروێژ
هەروەها چەندین پارتی کوردستانی و ڕیکخراو و کەسایەتی و ئەندام پارلەمان پشتیوانی دەکەن .
ناوی ئەو پارت و ڕیکخراوانەی کە تائێستا پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کردووە :
ڕێکخراوی دژ بەڕەگەزپەرستی لەنەروێژ sos rasisme I norge
ڕێکخراوی selvhjelp for flyktninger og innvandrere
su ڕێکخراوی لاوانی پارتی سۆسیالیستی چەپ sv
پارتی سوری نەروێژی Rodt

پارتی چەپی سۆسیالیستی نەرویژ SV
AUFرێکخراوی لاوانی پارتی کرێکارانی نەرویژ

ئەندامێتی لە کەمپیندا لە کوردستان و دەرەوە :
ئاماژە بە پرۆژەی رەشنوسی بەرنامەی کەمپین ، کە هەتا بەستنی کۆنگرە کاری پێدەکرێت :
هەر رێکخراوێکی کوردی و بیانی یان کەسایەتی بخوازێت ببێتە ئەندامی کەمپین بەمەرجێک بەشێوەیەکی ئاسایی ، دیموکراتی و ئاشتیخوازانە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ کار بکات ، بەشانازییەوە قبوڵی دەکەین ، ئێمە باوەڕمان وایە یەکگرتنی هەوڵەکان لەم پێناوەدا مەرجی سەرەکی سەرکەوتنە و نابێت ئەم ئەرکە پیرۆزە بۆ بەرژەوەندی هیچ لیەنێک و پروپاگەندەی حیزبی یا رێکخراوێک بەکار بێت یان قۆرغ بکرێت . هەروەها باوەڕمان وایە دەبێت سەرکەوتنی ئەم کەمپینە وەک سەرکەوتنێکی خەباتی گشت تێکۆشەانی کوردستان و مرۆڤدۆستانی جیهان لەقەڵەم بدرێت .
لێژنەی باڵای بەرێوبەرایەتی کەمپین لەسەر ئاستی ووڵاتێک یان جیهان پێک دێت لە نوێنەر ی رێکخراوەکانی ئەندام هەروەها هەندێک کەسایەتی .
دەتوانن بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ئیمایلانەی خوارەوە :
Idris.sabir.aziz@gmail.com لە نەرویژ

Komela_ksn@yahoo.no لە نەرویژ

Mremin54@hotmail.com لە هۆڵاند

Anfal.halabja@gmail.com لە هۆڵاند

Aramabass@yahoo.com لە نەرویژ

Wazera_jalal@yahoo.com لە نەرویژ

ناوی ئەو پارت و ریکخراوانەی تا ئێستا لە نەرویژ پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپین تۆمار کردووە :

رێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان
یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
رێکخراوی کۆمەک
کانونی نوسەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان
پارتی ژیانی ئازادی کودستان
کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیەکانی کوردستان
کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان
حیزبی دیموکراتی کوردستان
پارتی سەبەخۆیی کوردستان
پارتی سەبەستی کوردستان
یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان